کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-7-2007 16:04بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**کوردستان دەست بە پەروەردەی کەمالیست و بەعسی دەکا ... نووسینی: موراد جوان* ... وەرگێڕانی: سەلام گەلاڵی و ع. سندی**

2007-7-24

وەزارەتی پەروەردەی حوکوومەتی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتیی پرۆگرام و چاپەمەنی، هەوڵی ئەوە دەدەن کە پرۆگرامی خوێندنی ساڵی داهاتوو لە هەموو ناوچەی کوردستانی فێدەڕال ببێتە یەک و بە یەک زاراوە بێت. بۆ خوێندنی ئەمساڵیش چەند هەنگاوێک نراوە وەک سەرەتایەک بۆ ساڵی داهاتوو.

ئاراس نەجمەدین، بەڕێوەبەری پرۆگرام و چاپەمەنی لە وەزارەتی پەروەردە، لە ئاگادارییەکی تایبەتدا بۆ (پیوکمیدیا) وتی: "بۆ ساڵی تازەی خوێندن دەستمان بە ئامادەکردنی چەند کتێبێک کردووە بۆ هەموو ناوچەکان و قۆناغی جۆربەجۆری خوێندن. بۆ نموونە کتێبی زمانی کوردی بۆ هەر سێ پۆلی 1، 2، 3ی سەرەتایی بە یەک پرۆگرام ئامادە دەکرێن".

ئەو وتی: "ئێمە کتێبێکی تازە دەخەینە بەردەستی منداڵانی کوردستان. لەبەر ئەوەی ئەو بابەتانەی پێشتر لە پرۆگرامی خوێندندا هەبوون، هی 50 ساڵ پێش ئێستا بوون، دەبوو بگۆڕێن. پرۆسەی گۆڕینی پرۆگرام و یەکخستنی دەرسەکان، هی چوار ساڵ بەردەوامە".

ئاراس نەجمەدین لەبارەی زاراوەکانی کوردی و شێوەی دەنگدانەوەی ئەم گۆڕینەوە وتی: "دانانی زمانێکی ستاندارد کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە بڕیارێکی سیاسییە. یەکخستنی زاراوەکان و خوێندنی سەرتاسەری بە یەک شێوە لە بەرژەوەندیی گەلی کورد و پاراستنی زمانی شیرینی کوردییە، لەبەر ئەوە حوکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم ئەرکە خەباتی کردووە و دەیەوێ زمانێکی ستاندارد پێک بێت. "

سەبارەت یەکەمین یەکخستنی زاراوەکان ئاراس نەجمەدین وتی: "وەک سەرەتا کتێبی یەکی سەرەتایی و دووی سەرەتایی دەبن و لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بە یەک زاراوە دەخوێنرێ. "

ئاگادارییەکەی ئاراس نەجمەدین ئیشارەتێکە بەوەی کە وەزارەتی پەروەردەی کوردستان، هەموو ڕاستی و هەلومەرجە تایبەتییەکانی کوردستان؛ فرەپێکهاتەیی و فرەلەهجەیی و فرەپارچەیی دەخاتە لاوە و دەیەوێ پەروەردەی کەمالیست و بەعسی بۆ خۆی بکاتە ڕێبەر، بە بیانووی زمانی ستانداردی یەکگرتوو و کۆنەیی سیستەمی پەروەردەی پەنجا ساڵەوە، بە زۆری زۆرداری و بە فروفێڵ و پلانی گڵاو سۆرانی لە سەرتاسەری کوردستاندا بەسەر منداڵی کوردی سۆرانینەزاندا فەرز بکات (بسەپێنێت) .

ئەمە ماوەیەکە کە زۆر زانای زمان و پەروەردە سەرنج بۆ ئەوە ڕادەکێشن کە دەبێ مەسەلەی فرەلەهجەیی و فرەئەلفابێیی بە کۆبوونەوە، کۆنفەرانس و لێکۆڵینەوەی زانستی لێیان بکۆڵرێتەوە و لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوە زانستییانەدا و لە ئەنجامی ئەزموونی دنیای مۆدێرندا بۆچوونی پەروەردەیی لەسەر زمان و زاراوە دابنرێت، بەڵام نە لە حوکوومەتی کوردستانەوە، نە لە سەرۆکایەتیی کوردستانەوە، کەسێک نایێتە هاواری ئەم زانا و شارەزایانەوە، هەندێ سۆرانیپەرستی دڕندە (چاوسوور) یش لەمەوە ورە و غیرەت وەردەگرن و کوردی کرمانج و زانایانی زمانی کورمانجی بە جاسووسیی ئەمپەریالیزم، زایۆنیزم و کەمالیزم تاوانبار دەکەن، کەسیش دەنگ ناکات. سەرەڕای ئەوەش وەزارەتی پەروەردە بە فروفێڵ و ساختەکاری پرۆگرام و کۆنفرانس بەم کەسانە ئامادە دەکات کە چۆن سۆرانی بەسەر ناوچەکانی کورمانجیئاخێو و بەسەر ئێزیدییەکاندا فەرز بکات.

ئێستا ئیتر ڕۆژی ئەوە هاتووە کە کوردی سۆرانینەزان (نەئاخێو)، چ لە پارچەکانی تری کوردستان بن و چ لە کوردستانی ئازاد بن، دەنگی خۆیان بەرانبەر ئەم سۆرانیپەرستە کەمالیست و بەعسییانە بەرز بکەنەوە و بڵێن: "بەسە. " دەبێ ئێمە هاوار بگەیێنینە سەرۆکی کوردستان کە ئەم یارییە یارییەکی زۆر خەتەرناکە و لەم سەردەمە مۆدێرنەی سەدەی بیستویەکەمدا هیچ خزمەتێک بە یەکێتیی ملەت و زمانی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردی ناکا، بە پێچەوانەوە کورد کە بە سۆران، کورمانج، زازا، هەورامی، لوڕ و فەیلی و هەموو پێکهاتەکانی خۆیشییەوە هەتا ئەمڕۆ یەک بوونە و بۆ ڕزگاریی ئەم ملەتە پێکەوە تێکۆشیون، ئەو یەکێتییە پارچە دەکات، گرفتێکی جددی دەخاتە ناو ئەم ملەتەوە. لەبەر ئەوەیش دەبێ سەرۆکی کوردستان ئەم سۆرانیپەرستە کەمالیست و بەعسییانە ڕابوەستێنێ، ڕێ لە بەردەم موناقەشە و لێکۆڵینەوەیەکی جددی و زانستیدا لەم بوارەدا بکاتەوە و سیستەمی پەروەردەی کوردستان دوای پرۆسێسێکی زانستی و لێکۆڵینەوە و کۆنفرانس بنیات بنێت.
*موراد جوان: خاوەن و بەرپرسیاری ماڵپەڕی (نێتکورد) ە و لە سوید دەژی.
http://www. netkurd. com/nuce. asp?id=8107

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.